www.kurdistannet.org
2006-10-10 17:48بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەردانی ڕایس: فشاری سیاسی یان پێشڤە چوونی دبلۆماسی ... ئیبراهیم ئیسماعیل عەباس

1 - 2 ڕوخانی ڕژێمی بەعس و سڕینەوەی دەسەڵاتەكانی سەدام حوسێن لە هاوكێشە سیاسییەكانی ناوچەكە. پێگەی كوردستانی كردە هاوشانی بەغدا. ڕاستی ئەمەش جیا لەوپێگە گرنگانەی لەبەغدا بەكورد دران، بەهۆی داوەت و بەسەركردنەوەی بەرپرسە باڵاكانی هاوپەیمانان بوو، كە هەتا ڕژێمی بەعس لەدەسەڵات بوو، هەرگیز بۆ جارێكیش، لێپرسراوێكی باڵای وولاتە خاوەن بڕیارەكانی دنیا لەئاستی وەزیر. لەئەنقەرەوە كەئەوكات تاكە دەروازەی نێودەوڵەتی كوردستان بوو، تەجاوەزی كوردستانی نەكرد.

بۆ كورد وەكو نەتەوەیەكی بێی دەوڵەت، خۆشبەختیەكی گەورەیە، هاوشانی بەغدای پایتەختی عێراق. سەردانی بەرپرسە باڵاكانی ئەمریكا و بەریتانیا، لەهەمان كاتیشدا بۆ كوردستانیش بێت.

پێش سەردانی ئەم دوایەی كۆندالیزا ڕایس بۆ كوردستان لە 6 / 10 / 2006. دوو ساڵ بەر لەم ڕۆژە، لەسەردانێكی لەناكاودا ڕایس گەیشتە هاوینەهەواری پیرمام، بۆ ئەو كات ئەگەرچی ئەجندای سەردانەكەی بۆ بەڵێنی تەواوەتی كورد بوو بە دەستووری هەمیشەیی عێراق. بەڵام بێشك بردنەوەی گرەوی دبلۆماسی كوردبوو لە هەمان كاتدا. چونكە توانرا وەزیری دەرەوەی گەورەترین وولاتی دنیا، هاوشانی بەغدا، بۆ جاری یەكەم بۆ كوردستان بهێنری، كەدواتر بوو بە نەریت و وەزیری تریشی بەدواداهاتن. هەربۆیە شاگەشكەی هەمووماني خۆشحاڵ كرد. بەندەش ئەوكات لەوتارێك دا، ئەم هەنگاوەم نرخاند.

بەباوەڕی من سەردانی ئەم دوایەی وەزیری دەرەوەی ئەمریكا لە جاری پێشوو جیاوازەو لەكوردستانیش لە ماوەی ئەم دووساڵدا گۆڕانكاری زۆر ڕوویانداوە. لەبەر ئەمە ئێستا ساتێكە، مادام دەسەڵاتەكانی هەرێم لەجیاتی حزبەكانی بەری، لەدەزگای شەرعی و یاسایی ڕێكخراون. ناكرێت سەردان و بەسەركردنەوەی هەر بەرپرسێكی دنیا بەدەسكەوتی نەتەوەی و چارەنووس بۆ خۆمان بژمێرین. دەزانم فۆڕمی گشتی ڕەوتی دبلوماسی و پەیوەندییەكان ئەوە بەدیار دەخات، كە وولاتان و هەموو ئەوانەی لەكایەی سیاسی كاردەكەن، پێویستیان بە پەیوەندی هەیە. لە ئەوەش بەئاگام ساڵانێكە هاوكێشەكانی عێراق و تەنانەت تەواوی ناوچەكە. بەبێی كورد لاسەنگیان وەردەگرت و هەموو ئەمانەش لە پێگەی ئێرەو داوەت و سەردانە دبلۆماسییەكان ڕسكاون. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە زۆر پێویستە بە جورئەت و ئەدایەكی تر سەیری هەولە دبلوماسییەكانی ئێستا و داهاتوو بكەین. چونكە دبلوماسییەت و پەیوەندییەكانی ئەم هەرێمە لە چاو ڕابردوو لەئاستێكی باڵان و لە قۆناغێكی بەرزتردان.

لەم ڕوانگەیەوە پێویستە سەردانی ئەم جارەی كوندالیزا ڕایس وەزیری دەرەوەی ئەمریكا بۆ كوردستان، بەخۆێندنەوەی كۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەكەی هەولێر، لەگەڵ سەرۆكی هەرێمی كوردستاندا. بەجۆرێكی تر لەبەر چاو بگرین و شیكاریەكانیشمان بە جۆرێكی تربێت.

سەردانی وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەگرتووەكان بۆ كوردستان لەكاتێكدایە كە گرژی و تێكگیرانەكان لەنیوان بەغدا و كوردستان (عەرەب و كورد) . ئاڕاستەیەكی دژبەیەك و نزیك لەتەقینەوەیان وەرگرتووە. لێدوان و ئاخاوتنەكانی ئێرە و ئەوی واتای هاوبەشی و لێك نزیكبوونەوە نادەن بەدەست. دەرك كردن بەم لێك دوورییە. كوندالیزا ڕایسی پەلكێشی ئێرە كرد. لەو باوەڕدام ئەگەر گرژیەكان ئاراستەیەكی دژ بەیەكیان لەنیوان حكومەتی هەرێم و حكومەتی عێراق وەرنەگرتبایە. ڕەنگە ئەم جارەش وەكو سەردانە زۆرەكانی ئەم وەزیرەو لێپرسروانی تر ئەمریكا بۆ بەغدا. ڕایس سەردانی كوردستانی نەكردبایە.

ڕاستییەکی تاڵە و ڕەنگە زۆربەشمان بیزانین. کە لەئێستادا عێراق بەخاك و نەوت و خودی دانیشتوانیشییەوە. ئەمریکا بە هی خۆی دەزانێت و بەرژەوەندییەکی گرنگی زۆر و زانراوی ئەمریکای تێدایە. عێراق جیا لە پێگە هەستیارە جوگرافییەکانی، جیا لەنەوتی دۆزراوە و بەرهەم هاتووی. سامانێکی سروشتی نەدوزراوەی زۆر و لەناویشیاندا (نەوت) ی بەرهەم نەهاتووی زۆرە و هەر لێدوان و هەنگاو ئاراستەیەك لەئیستا مەترسی بۆ عێراق دروست بکات، با ئەوهەنگاوە لەلایەن کوردی هاوپەیمانی ئەمریکاش بێت. بەهیچ جۆرێك لەلایەن ئیدارەی ئیستای ویلایەتە یەکگرتووەکان قەبووڵ نییە. ئالەبەر ئەمەیە سەردانەکەی رایس بۆ کوردستان، فشاری زۆری بۆ سەر سەرکردایەتی کورد تێدا بەدی دەکرێت. بۆ هەموو لایەك ڕوونە و هیچ لێڵێکی تێدا بەدی ناکرێت کە مادام عێراق بۆ ئەمریکا زۆر گرنگە. چاو پۆشی لەپر کێشیەکەی دەکرێت. بەدڵنیایەوەی ئەم ئیدارەی ئێستای ئەمریکا هەتا بتوانی و بۆی بلۆیی. ڕیگانادات عێراق لەبەر یەك هەڵوەشێت.

2006 / 10 / 9